# حوكمی كێشانی جگەرەی ئەلكترۆنی

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**شێخ موحەمەد صالّح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم شرب السيجارة الإلكترونية

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی كێشانی جگەرەی ئەلكترۆنی

**پرسیار** : ئایا حوكمی كێشانی جگەرەی ئەلكترۆنی چیە، چونكە من لە ماڵپەڕێ ( ویكیبدیا ) خوێندومەتەوە كە هیچ زیانێكی نییە، ئەوەشی باسكراوە لەو ماڵپەڕەدا بەم شێوەیە بوو : تا ئێستا هیچ زیانێكی نەسەلمێنراوە، لەگەڵ ئەوەدا رێكخراوی تەندروستی جیهانی ترسی ئەوەی لا دروست بووە كە ئەم جگەرە ئەلكتۆرنیانە ببێتە مایە ئالودە بوونی كەسانێك كە پێشتر جگەرەیان نەكێشاوە، ئەوەشی من ئاگاداری بم كاڵایەكی لەم شێوەیە هەیە لە بازارەكاندا، و جێگای پێشوازی كردنی خەڵكە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەگەر بەشداریت كرد لە فرۆشتنی بڕێكی زیاتر ئەوا بۆ خۆت پشكێك بە خۆڕایی وەردەگریت ؟ وەڵاممان بدەنەوە خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

جگەرەی ئەلکترۆنی لە ساڵی 2004 زاینی لە وولاتی صین بۆ یەکەم جار سەری هەڵدا و دروستیان کرد، ئەم جگەرەیە لە شێواز و شکڵیدا وەك جگەرەی ڕاستی وایە، پێکهاتووە لە دوو باتری، باتریەکی ( لیثۆم ) کە قابیلی ئەوەیە بە ووزەی کارەبا یان بە کۆمپیتەر یان بە شەحنی ناو ئۆتۆمبیل شەحن بکرێتەوە، باتریەکەی تریش کە بریتیە لە کەپسولێك گیراوەی (نیکۆتین) و کەمێك ئاوی تێدایە، لەگەڵ هەندێك مادە و تام و بۆنی تر، ئەم کەپسولە پشتی بەوە بەستووە کە ووزەی کارەباکە تیپەڕ دەکات و دەدات لە کەپسولە نیکۆتینەکە لە ئەنجامی ئەم بەریەك کەوتنە کەپسولەکە دوکەڵێك

دەردەکات، و ئەو کەسەی کە دەیکێشێت ئەو دوو کەڵە هەڵدەمژێت و لە دەم و لوتیەوە یان لە یەکێکیانەوە دەیهێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو کەسە مژ دەدات لەو جگەرە ئەلکترۆنیە سەری جگەرەکە ڕۆشناییەك دەردەکات وەك سەری جگەرەی ئاسایی تاوەکو کەسی بەکارهێنەر هەست بکات کە جگەرەی ڕاستی دەکێشێت .

زۆرێك لە وولاتان ڕێگری هێنانی ئەم جۆرە لە جگەرەیان کردووە، وەك ئوستراليا و کەنەدا و بەرازيل  و ئەرجەنتين، هەر پاش ئەوانيش ئەنجومەنی وولاتانی کەنداو لە میانەی کۆنگرەی وەزیرانی تەندروستی خۆیاندا بڕیاریان دا کە نەهێڵن جگەری ئەلکترۆنی بێتە ناو وولاتەکانیانەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەر سوڕمان و هەڵوێستی دژە یەکیانە، ئەو وولاتانەی کە ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی جگەرەی ئەلکترۆنی دەکەن،

کەچی ڕێگایان داوە بە هاتنە ناوەوەی جگەرەی ئاسایی کە زیانەکانی زۆر زۆرن و کەسیش شك و گومانی تێیدا نییە، کە سالانە دەبێتە هۆی مردنی زیاتر لە شەش ملیۆن کەس لە جیهاندا، ( بەڕاستی جێگای سەرسورمان و تێڕامانە ) .

لەگەڵ هەموو ئەو بانگەشانەی کە بۆ ئەم جگەرە ئەلکترۆنیە دەکرێت بەوەی زیانی نییە بۆ سەر تەندروستی ئەو کەسانەی کە دەیکێشن، بەڵام زۆرێك لە پەیتۆڵ و شارەزایان و کەسانی ژێر بەردەوام خەڵکی لە مەترسی ئەم جگەرەیە ئاگادار دەکەنەوە، و داوایان لێ دەکەن بەم ریکلام وبانگەشانە نەخەڵەتین، کار گەیشتوەتە ئەوەی ئەو کۆمپانیایانەی ئەم جۆرە جگەرەیە بەرهەم دەهێنن بە جۆرەها شێوە و شکڵ و ڕەنگ و تام و بۆنی جیاواز دروستی دەکەن کە منالان و ئافرەتانیش حەزی لێ دەکەن .

به نسبەت حوکمی شەرعیشەوە، مادام ئـــەو جگـــەرە ئەلکترۆنیە مـــادەی ( نیکۆتین ) تێدایە، هیچ جیاوازییەکی نییە لە حوکمی جگەرەی ئاسایی، هەروەها هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ حوکمی بنێشتی نیکۆتیندار، یان لەزگەی نیکۆتین و هاوشێوەکانی، چونکە مادەی نیکۆتین مادەیەکی ژەهراوییە، لە مەترسیدارتین ئەو پێکهاتانەیە لەناو توتندا هەیە، بێگومان حەرامی جگەرەی ئاساییش ئێستا هیچ گومانێکی تێدا نەماوە، بە تایبەتی پاش ئەوەی دکتۆری سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە سەلماندیان کە جگەرە زیانێکی لەصەدا صەد و بێگومانی هەیە .

لەبەر ئەوە دەبێت بزانیت دروست نیە و حەرامە کڕین و فرۆشتن بەم جۆرە لە جگەرەی ئەلکترۆنی، چونکە بەکارهێنانی حەرامە، هەر شتێکیش بەکارهێنانی حەرام بێت

کڕین و فرۆشتن ومامەڵە پێوە کردنیشی هەر حەرامە،

پێغەمبەری خوادش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « إِنّ

الله إِذَا حَرّمَ شَيْئاً حَرّمَ ثَمَنَهُ » [ رواه أبو داود ( 3488 ) وصححه

الألباني في صحيح أبي داود ] واتا : بێگومان هەرکاتێك خوای

گەورە شتێکی حەرام کردبێت، ئەو پارە وپولەیشی لەو

ڕێگایەوە پەیدا دەکرێت هەر حەرامە .

ئەوەش بزانە هەر کەسێك لەبەر خاتری بەدەستهێنانی

ڕەزامەندی خوای گەورە واز لە شتێك بهێنێت بێگومان

پەروەردگار بە چاکتر بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، وەك

فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا . وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا

يَحْتَسِب﴾ [ الطلاق/ 2 ، 3 ] واتا : هەرکەسێك تەقوای خوای

هەبێت و لەو بترسێت ئەوا دەرووی لێ دەکاتەوە، بەجۆرێك

ڕزق و ڕۆزی دەدەاتێ کە ئەو کەسە خۆیشی حسابی بۆ نەکردبێت .

خوای گەورەش لەهەمموونا زانا و شارەزاترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .